بۆکان له مێژوودا (١٣٨)

**"کردستان در مسیر تاریخ به روایت اسناد"**

ئەم کتێبە، ئامادەکراوی کاک عومەری فاروقییە و لە راستیدا بەشی زۆری بریتیە لە وەرگێڕاوی بەڵگەنامەکانی ناوکتێبی "گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی" (٧ بەرگ)، کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە - بەڵام بەداخەوە نووسەر ئەو راستیەی دەر نە بڕیوە و تێکەڵاو لەگەڵ چەند بابەتی بەربڵاوی دیکە، بە کاری "گردوکۆ و لێکۆڵینەوە و تالیف" ی خۆی ناوبردوە (لاپەڕە ٦). من دواتر لەم زنجیرە وتارانەدا باسی ئەو بە ڵگەنامانە دە کە م.

لە لاپەرە ١٦٧ و ١٦٨ ی کتێبەکە ی کاک عومەری فاروقی‌دا کەڵک لە یادداشتەکانی میرزا کەریمی بەهرام بەگی بۆکانی(بڕوانە بە شی١١ ی هە رئەم زنجیرە وتارە) وەرگیراوە و باسی وت و وێژی سمایل ئاغای سمکۆ لەگەڵ سەردار عەلی خانی بۆکان کراوە- کە ئەودەم سەردار موکری و نیشتە جێی ساباڵغ بوو.

ئەوە ش دەقی بابە تە کەیە :

" .... لەم کاتەدا سەردار عەلی خانی موکری، نە تیجە ی عەزیز خانی سەرداری کولل، هاتە لای سمکۆ و بە سمکۆی گوت سوارەی دێبوکری هاتبوون یاریدەی هێزەکانتان بدەن بەڵام سوارەی ئێوە چەکیان کردوون. بۆچی سووکایەتیتان پێ کردن؟ سمکۆ وەڵامی دایەوە ئەوکەسانە بە تفەنگ و چەک رێگەیان گرتبوو و ئێمەش نەماندەزانی دەیانەوێت هاوکاری ئێمە بکەن. پاشانیش ئەم ئاغاواتە هەردەم روویان لە لایەنێکە و من هیچ پێویستیەکم پێیان نییە، ئێستاش فەرمان دەدەم ئەسپە کانیان بۆ هەرکوێ دەیانەوێت بڕۆن [؟].

پاشان سمکۆ رووی کردە سەردار و گوتی منیش پرسیارێکم لە تۆ هەیە. سەردار گوتی فەرموو. سمکۆ گوتی ئێوە کە چەند پشتتان سەردار و فەرماندە و سەرداری کولل و لە ئێراندا خاوەن دەسەڵات و پلە و پایە بوون، بۆچی هیچ رێباز و سیاسەتێکی روونتان نییە و دایم لە بەرانبەر ئەمیراندا دەنووشتێنەوە و خۆتان بچووک دەکە نەوە؟ راستە کوردان خۆبە کەم زان و میواندۆست و بەئەدەبن، بەڵام ئەو خوو و خدەیە دەبێ بە تەواوەتی دوولایە نە بێت. ئەگەر تۆ لە بەرانبەر دەوڵەتییەکان ئەو هەمووە دەنووشتێیەوە و خۆت بە کەم دادەنێی و کوێرانە دەکەویە شوێنیان، ئەوانیش دەبێ روو بکەنە تۆ و لە لایان بەڕێز و خۆشەویست بی، بەڵام من بە روونی دەبینم کە بە پێچەوانە، هەموو رۆژێک بێ رێزتر و بچووک تر دەبی و لەبەر ئەوەی نازناوی سەرداریش بە شوێن خۆتدا دەکێشی، ئاشکرایە سووکی و بێ رێزی و ناچیزی تۆ دەبێتە هۆی بێ حورمەتی کردن بە هەموو گەلی کورد. باش وایە گوێ بدەیە نەسیحەتی من و لە بەرانبەر ئەو هەموو نووشتانەوەیە، چاوەڕوانی رووتێکردن و ئیحترامی ئەوان بی.

لەم کاتەدا کەسێک عەرزی کرد کە ئەسپی تایبەت بە سەردار عەلی خان بەدەست سوارەی سمکۆوەیە، فەرمان چی دەدەن؟ عەلی خان گوتی ئەسپەکە پێشکەش بە تۆ دەکەم. سمکۆ گوتی خێر، ئەسپی تۆ بە کەڵکی من نایەت، باشترە خۆت سواری بی. دوای ئەم قسانە، هاوڕێ لەگاڵ

سەرهەنگ مەلیکزادە و ئەفسەرانی ئەسیر، لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ کەوتە ڕێ لە لای خۆیەوە حاکمانێکی بۆ شاری مەهاباد دانا ....."

عمر فاروقی، "کردستان در مسیر تاریخ به روایت اسناد" ، انتشارات آنا، تهران، ۱۳۸۳[۲۰۰۴]، ۲۳۶ لاپەڕە، فارسی